# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکیی وەرگێڕ

ئەم بابەتە کورتەی دکتۆر عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگ و نوێی لەخۆگرتووە، کە بەپێی شارەزایی من کەمتر زانایانی ئیسلامیی لەسەریان وەستاون.

مامۆستا بە دیدێکی رەخنەگرانەوە ئاوڕ لە مێژووی ئیسلامیی دەداتەوە، بۆچوونێکی داهێنراوانەشی هەیە بۆ ئایندەی میللەتی ئیسلامیی.

سەبارەت بە حاڵی دواکەوتوویی جیهانی ئیسلامیی و چۆنیەتی قوتاربوون لێی، رێچکەیەکی تازە پێشنیاز دەکات. هەروەها لەسەر دەسەڵاتی میللەت و گەڕانەوەی زاڵبوونی ویستی گەل بەسەر حکومەت و دەسەڵاتی راپەڕاندندا، هەڵێنجانی تایبەتی کردووە. تەنانەت لەسەر ئەو تەمەنەی کە بۆ تاکی کۆمەڵگە باشە تیایدا بەشداریی هەڵبژاردن بکات، مامۆستا قسەی جیاواز و بەجێی خۆی هەیە، هەروەها باسێکی گرنگیشی درووژاندووە سەبارەت بە زەروورەتی جیاکردنەوەی رۆڵ و بوارەکان و خۆبەراوردکردن بە پێغەمبەری ئیسلام ﷺ.

بۆیە کاتێك بابەتەکەم خوێندەوە، بە سووکە داوایەکی برایانی پەیمانگای جیهانیی فیکری ئیسلامیی، ئەرکی وەرگێڕانەکەیم لە ئەستۆ گرت، هەرچەندە داڕشتنێکی ئاڵۆز و قورس بوو، کاتەکەی منیش هاوکارم نەبوو بۆ زۆر وردکردنەوە و گەڕانەوە بۆ فەرهەنگەکانی زمان، یان سەرلەنوێ چوونەوە بەسەر داڕشتنی وەرگێڕانەکەدا و بەراوردکردنی بە دەقە عەرەبییەکەی. بەڵام بۆچوونەکانی مامۆستا عەبدولحەمیدم لا تازە بوون و زۆریش بە پێویستم زانی غەمخۆران، بەتایبەت پەروەردەکار و رۆشنبیرە مسوڵمانەکان، ئاگاداریان بن، ببێتە مایەی گفتوگۆ و راگۆڕینەوە، کە وادەزانم بۆ

ئـەوەش دەشـێن لـە قۆناغـەکانی بەرنامـە و پرۆگرامـە پـەروەردەییەکانـدا سـوودیان لێوەربگیرێت و لەسەر ئەو بنەمایانە هێڵە گشتییەکانی پەروەردە دابڕێژرێت.

ئەم بۆچوونەم مانای بێکەموکورتی بابەتەکەی مامۆستا عەبدولحەمیـد ناگەیـەنێت، یان واقیعییبوونی هەندێك لە بۆچوونەکانی، کە من وا هەستم بە هەندێکیان کرد.

دواقـسەشم دەستخۆشـی و سوپاسـکردنی برایـانی پـەیمانگانی جیهـانیی فیکـری ئیـسلامییە، کـە لـەم مـاوە کورتـەی تەمـەنی لقـی پەیمانگاکەیانـدا لـە کوردسـتان، خزمەتێکی بەرچـاویان کـردووە و مەڵۆیـەکی پڕدانیـان لەسـەر خـەرمانی رۆشـنبیریی کوردیی داناوە.

پەروەردگار پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت.

**تۆفیق کەریم**

**٢٠١٠/١٢/٦**

